# پەرۆشەکانی جەلال تاڵەبانی

**ئەمجەد شاکەلی**

تاڵەبانی بانگهێشتنی کچ وماڵباتی سەددام حوسەین دەکات بۆ ئەوەی بێنە کوردستان و داڵدە بدرێن.

تاڵەبانی جار لە دوای جار جەختی لە سەر ئەوە دەکاتەوە، کە ئەو فەرمانی لەسێدارەدانی سەددام حوسەین مۆر ناکات.

تاڵەبانی ژوانێک لەگەڵ یەک هەزار کەونەئەفسەر و فرۆکەوانی ڕێژیمی سەددام حوسین و بەعسی عیراق ساز دەکات و هانیان دەدات بۆ ئەوەی بچنە کوردستان و لەوێ داڵدە بدرێن.

تاڵەبانی دەیەوێت بەرزان تکریتی لە زیندانەکەی بێتە دەرێ بۆ ئەوەی تیماری دەردەکەی، کە شێرپەنجەی بڕبڕەی پشتیەتیی، بکرێت.

تاڵەبانی ئەو کوردانەی دوای گەڕانەوەیان بۆ کەرکوک، کەرکوک جێدەهێڵن بە خیانەتکار دادەنێت.

تاڵەبانی پێیوایە ئەوەی دەنگی بۆ دەستووری عیراق نەدابێت تاوانبار و خائینە و لەگەڵ ئەلقاعیدەدایە.

تاڵەبانی عیراق بە بەشێک لە نیشتمانی عەرەب دادەنێت.

*****

ئەو جۆرە هەواڵانە زووزوو بەرچاو و گوێی خەڵکی کوردستان و هەموو جیهان دەکەوێت و تاڵەبانی هەر ڕۆژەی بابەتێکی نوێی پێیە، کە خەڵکی کوردی پێ دەتۆقێنێت و ناکوردانیشی پێ دڵخۆش دەکات. ئەمانەی دەیڵێین تەنێ پێوەندیان بەم ساڵانەی دواییەی دوای ڕووخانی ڕێژیمی بەعسەوە هەیە، دەنا هێندەی کەونە شتی دیکە هەن، کە هەر لە باسکردن نایەن. ڕەنگە ئەوەی بووبێتە هۆی پێڕۆکردنی ئەو سیاسەتە لە لایەن تاڵەبانییەوە، کەم و زۆر لەم خاڵانەدا وەدی بکرێن:

1. پێوەندێکی توندوتۆڵ و مێژوویەکی زۆر کۆن و نان و نمەک لە نێوان بنەماڵەی تاڵەبانییان، کە جەلال تاڵەبانییش یەکێکە لەوان و تکریتییاندا، کە سەددام حوسەینیش یەکێکە لەوان، هەبووە و هەیە و هەردوولایان بە هانای یەکدییەوە هاتوون و فریای یەکدی کەتوون. جەلال تاڵەبانی بۆ خۆی چەندین جار ئەو ڕاستییەی گوتووەتەوە.

2. بەرزان تکریتی لە پاڕانەوەنامەکەیدا بۆ بووش و بلەیر و شا عەبدوڵڵا و تاڵەبانی و...کاتێک هاوار بۆ تاڵەبانی دەبات، بە نێوی دۆستایەتییەوە هاواری دەباتێ و دەڵێ، کە تاڵەبانی بۆ خۆی لە ساڵی 1996دا و لە ئەنقەرە و لە بەردەم ڕۆژنامەوانان و کەناڵەلانی تەلەڤزیۆندا گوتوویەتی، دەچێت بۆ ژنێڤ بۆ سەردانی هاوڕێییەکی، کە بەرزان ئیبراهیم ئەلتکریتییە و لەگەڵ ئەو هاوڕێیەیشیدا بنگەیەکی هاوبەش و تێگەیشتنێکی هاوبەشیان بۆ پرس و کارەکان هەیە. تاڵەبانی دۆستایەتییەکی لەمێژینە و بەهێزی لەگەڵ بەرزان تکریتیدا هەبووە و بۆ خۆیشی بە هیچ جۆرێک لاریی لەو دۆستایەتییە نییە و بە ڕاشکاوییش باسی لێوە دەکات.

3. تاڵەبانی ساڵانێکی ژیانی، هاوسەنگەر و هاودید و هاوخوان و هاوهەست و هاوکاری حیزبی بەعس و دەستەی سەددام حوسەین و بەرزان تکریتی و لەشکر و ئاساییش و موخابەراتی عیراق بوو و بە درێژایی ئەو ساڵانەش

نێزیکایەتیی و تێکەڵاوی لەگەڵیاندا هەبووە و ئەو نێزیکایەتی و تێکەڵاوییەیش، هەرچەندە لە ڕووی جوگرافیاییشەوە شوێن و پێگەی تاڵەبانی گۆڕابێت و لەو هاوسەنگەرانەی نێزیک و دوور کەوتبێتەوە، هەرگیز نەپساوە و هەر درێژەی هەبووە تا دواساتەکانی ڕووخانی ڕێژیمی بەعسیش.

*****

من ناتوانم "بانگهێشتنی کچ و ماڵباتی سەددام حوسەین بۆ ئەوەی بێنە کوردستان و داڵدە بدرێن و جار لە دوای جار جەختکردنەوە لە سەر مۆرنەکردنی فەرمانی لەسێدارەدانی سەددام حوسەین و ژوان لەگەڵ یەک هەزار کەونەئەفسەر و فڕۆکەوانی ڕێژیمی سەددام حوسین و بەعسی عیراقدا سازکردن و هاندانیان بۆ چوونە کوردستان و لەوێ داڵدەدانیان و هێنانەدەرەیی بەرزان تکریتی لە زیندانەکەی بۆ تیمارکردن و ناوزڕاندنی ئەو کوردانەی دوای گەڕانەوەیان بۆ کەرکووک، کەرکوک جێدەهێڵن بە خیانەتکار و دانانی ئەوەی دەنگی بۆ دەستووری عیراق نەدابێت بە تاوانبار و خائین و هاوکاری ئەلقاعیدە و دانانی عیراق بە بەشێک لە نیشتمانی عەرەب"، وەک دەروێشەکانی تاڵەبانی بانگاشەی بۆ دەکەن، بە نیشتمانپەروەری و شۆڕشگێڕی و سنگفراوانی و بەزەیی و دڵسۆزی و کوردایەتی دابنێم، بەڵکە ڕێک بە پێچەوانەوە، ئەو گوتار و ڕەوتارانەم پێ چەوتییە و ناڕاست. هەموو سازشکارییەک لەگەڵ خەڵکانی بەعسی و سەر بە ڕێژیمی بەعسدا، لە هەر پلە و پایەیەکدا بن، نەخوازەڵلا بنەماڵەی سەددام حوسەین و ئەفسەر و فڕۆکەوان و ئاساییش و موخابەرات و نۆکەرانی ئەو ڕێژیمە، ناکرێ لە ناپاکی زیاتر نێوێکی دیکەی لێ بنرێت! من سەددام حوسەین و بەرزان تکریتی و هاوچەشنە دڕندەکانی ئەوانم پێ تاوانبارن و هەموو تاوانبارێکیش گەرەکە سزای خۆی وەرگرێت و مافی مافخوراوانی لێ بکرێتەوە و هەرگیز ئەوانەم پێ شایستەی بەزەیی نین. من ناڵێم دەنگدان بە "بەڵێ" بە دەستووری عیراق خیانەتە و ناپاکی، چونکە مرۆڤ ئازادە لەوەی دەنگ دەدات یا نە یا دەنگی بە "بەڵێ" یا دەنگ بە "نە" دەدات، لێ دەستوورەکە بە دەستوورێکی ملکەچکەری گەلی کوردستان دەزانم و دەنگدان بۆ دەستوور بە دەنگدان بۆ سەرشۆڕیی کورد دەزانم و دەنگنەدان بۆ دەستوور بە هەڵوێستی ڕاستودروست دەزانم. من گوتار و ڕەوتار و کردارەکانی تاڵەبانی، بە پەرۆشگەلێکی عیراقییانە و عەرەبانە دەزانم و پێشموایە بۆ گەلی کوردستان هیچیان تێدا نییە و هیچیش سەوز ناکەن.

*****

تەواوی کردار و ڕەوتارێکی جەلال تاڵەبانی دەیکات و تەواوی گوتارێکی دەیڵێت، ئاوکردنە بە ئاشی عەرەب و عیراق و عەرەبایەتیی و عیراقیایەتیی و عیراقیاندنی پرسی گەلی کوردستان. ئەو مێژوویەکە لەو بازنەیەدا دەخولێتەوە و کاری بۆ دەکات و شانازییشی پێوە دەکات. تاڵەبانی ئەگەر بە کوردی قسەی نەکردبا و نەزانرێت کوردە، گەلێک جاران لە سیاسییەکی عەرەب جودا نەدەکرایەوە. ئەو لە بۆچوون و بیروڕایدا کەمجار دیتنێکی جیاوازیی لە سیاسییان و دەسەڵاتدارانی عەرەب هەیە. ئەو تەنێ لەگەڵ سیاسییان و دەسەڵاتدارانی عەرەبدا ئەو هاوبەشی و هاوهەڵوێستی و لێکچوونەی نییە، بەڵکە لەگەڵ سیاسییان و دەسەڵاتدارانی تورک و ئێرانیشدا، ئەوانەی هەیە و تاڕادەیەک بۆ خۆی هەوڵدەدات هاودیدیی خۆی لەگەڵ ئەواندا پێشان بدات و خۆ لەگەڵ ئەواندا بگونجێنێت و هەمیشە داشکان لە پرسی کورددا بۆ داگیرکارانی کوردستان بکات. ڕازیکردنی دڵی عەرەب و داگیرکارانی دیکەی کوردستان، ئامانجێکە هەردەم تاڵەبانی لێی دانەبڕاوە و ئێستاش کاری بۆ دەکات. ئەنجامی وەها کارێکیش، ئەمڕۆ و لە عیراقدا، گێڕانەوەی حیزبی بەعسە، بە جۆری دیکە و لە بەرگی دیکەدا، بۆ سەر شانۆی سیاسەت و دەسەڵات. ئەوەی تاڵەبانی دەیکات و دەیڵێت، کارێکە پێچەوانەی خواستی گەلی کوردستان و بە قازانجی داگیرکارانی

**کوردستان و هەڵپەیەکە بۆ ڕاوەدەنگ و مسۆگەرکردنی دەنگی سوننەی عەرەب و بەعسییەکان، بۆ چەند ساڵێکی دیکەی سەرۆککۆماری و بەرژەوەندی تاکەکەسیی خۆی، دەنا چی دیکە!**

2005-11-3